## سێ یەم : ڕێنماکانی تایبەت بەتاقیکردنەوە بەراییەکان :

١-ساڵانە ئەزموونە بەراییەکان لە نیوەی دووەمی مانگی شوبات ئەنجام دەدرێت وخشتەی تایبەتی ئەو ئەزموونەش لە لایەن لیژنەی باڵای ئەزموونە گشتییەکانەوە ڕەوانە دەکرێت بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی قەزاکان .

٢-بەڕێوەبەری گشتی پەروەردە فەرمانی دانانی چاودێر و بەڕێوەبەری هۆلە ئەزموونیەکانی ئەو ئەزموونە دەردەکات.

٣-لەبەر ئەوەی کاری تاقیکردنەوەکان بە سیستەمی ئەلکترونییە بۆیە مەلبەندی کۆنترۆلی تاقیکردنەوەکانی دەرەکی لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەزموونەکان دادەنرێت و پەراوی سۆماکانی گشت بەشەکانی خوێندن و دەفتەری ئەوبابەتانەی بە دەست پشکنینیان بۆ دەکرێت دەگەڕێتەوە بەڕێوەبەرایەتی ئەزموونەکان وە لەوێدا بە پێی ڕێنماییەکان ئەنجامەکان جێبەجێ دەکرێت ..

٥-نزمترین نمرەی دەرچوون لە ئەزموونی بەرایی ٥٠ نمرەیە وبەرزترین نمرەی دەرچوون ١٠٠ نمرەیە .

٦-ئەگەر قوتابی/ خوێندکاری دەرەکی لە تاقیکردنەوە بەراییەکان دەرچوو ویاماوە بێت لە (٣ ) بابەت ئەوا مافی بەشداری لە ئەزموونە گشتییەکان وەردەگرێت .

٧-قوتابی و خوێندکار مافی پەڵپ گرتنی هەیە لە ئەزموونە بەراییەکان وە بە هەمان ڕێنمایی.

٨-قوتابی و خوێندکاری دەرەکی لە بابەتەکانی ئەو پۆلە تاقیکردنەوە دەکات کە تێیدا وەردەگیرێت ولە دوا پەرتووکی خوێندنی کار پێکراوی پۆلەکە ( الطبعة الاخيرة من الكتاب المقرر) .

٩-پێویستە پەراوی سۆما بەیانی ڕۆژی دوای تاقیکردنەوە دەرەکییەکان هەر بابەتێك بگاتە کۆنترۆلی بەرایی .

## چوارەم :ڕێکخستنی بروانامە و تۆمارگەی قوتابیە دەرەکیەکان

١- ئەنجامەکانی ئەزموونە بەراییەکان قوتابی وخوێندکارە دەرەکیەکان تەنیا بۆ مەبەستی ئەزموونی گشتییە ، ناکرێت بروانامە یان نووسراو لەسەر ئەو ئەزموونە بدرێ بۆ هەر مەبەستێك بێت .

٢- بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی قەزا ناسنامەی بەشداری لە ئەزموونە گشتییەکان بۆ قوتابیە دەرەکیەکان ڕێك دەخات .

٣- بەڕێوەبەرێتی پەروەردە قەزا تۆمارێك دەکاتەوە بۆ تۆمارکردنی ناوی ئەو قوتابی خوێندکارانەی کە بەشداری لە ئەزموونە گشتییەکان دەکەن و نمرەکانیان تیادا تۆمار دەکرێت .

٤- قوتابی و خوێندکاری دەرەکی دەرچوو لە ئەزموونە گشتییەکان لە پەروەردەی قەزاکان بروانامەکانیان پێ دەدرێت لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە ڕاستاندنی بۆ دەکرێت .

٥- بەڕێوەبەریتی گشتی پەروەردە هەڵدەستێت بە گەڕاندنەوەی بروانامەی ئەو قوتابی وخوێندکارانەی کە مافی بەشداریان وەرنەگرتووە بۆ قوتابخانەکانی خۆیان بۆ ئەوەی لە تۆماریان دەستنیشان بکرێت .

٦- قوتابی بۆی هەیە چەند ساڵ بیەوێت بە شێوەی دەرەکی بەشداری لە تاقیکردنەوە گشتییەکاندا بکات .

٧- ڕەسمی بەشداری بە بری (٢٥٠٠٠ ) دینار لە قوتابی وەردەگیرێت لە جیاتی بەشداری کردنی لە ئەزموونە بەراییەکان وگشتییەکان و (٢٥٠٠٠ ) دینار بۆ پۆلە ناکۆتاییەکان بەرامبەر پسولەیەکی فەرمی وەزارەتی دارایی لە بەڕێوەبەرێتی ژمێریاری پەروەردە .